# نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز "مەسعوود بارزانیی" سەرۆکی هەرێمی کوردستان

## پاش سلاو و ڕێز

لەدرێژەی  شەپۆلی نارەزایەتییەکی بەرچاو لەتاراوگەو لە ناوەوی کوردستان دژ بە 30 ساڵ زیندانییکردنی بەڕێز د.کەمال سەیید قادر،بەتایبەت پاش ئەوەی دەیان و سەدان  نووسەرو ئاکادیمست و توێژەری کورد لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان بەدەنگ هاتوون، ئێمە وەک کۆمیتەی ئوسترالیای کەمپەین بۆ ئازادیی د.کەمال ،لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەرییدا بە ئامادەبوونی نوێنەری پارتیی دیموکراتی کوردستانیش ، کۆمیتەیەکمان راگەیاند بۆ پەیوەستبوون بەکەمپەینی سەرتاسەری لە ئەوروپاو ئەمێریکا و کانەدا بۆ ئازادیی د.کەمال سەیید قادر .

ئەرکی ئەم کۆمیتەیە وەک یەکەمین کۆمیتەی ولاتەکان لەم کەمپەیەندا ،پێش هەر کارێک ، دەیەوێ دەنگی خۆی بگەیەنێ بەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و خودی بەڕێز مەسعوود بارزانیی وەک باڵاترین ئۆرگانی فەرمیی دەسەلات لەکوردستاندا و بەناوی زۆرینەی رەوەندی کوردیی ئوسترالیاوە کەخوازیارن دۆزی دکتۆر کەمال سەیید قادر کۆتایی پێ بێت ، داوا لە بەڕێز سەرۆکی هەرێم دەکەین ، کەتەواوی دەسەڵاتی خۆی بەکار بهێنێ بۆ دەستبەجێ کۆتایی پێهێنانی حوکمی ئەو دادگایەی کە 30 ساڵی بەسەر بەڕێز د.کەمالدا سەپاندووە و بێ هیچ مەرج و بەندێک ئازادبکرێت و تەنانەت خوازیارین قەرەبووی زیانە ماددی و مەعنەوییەکانیشی بۆ بکرێتەوە.

دڵنییاین کە سەرۆکی هەرێم لەو راستییە باش دەگات کە ئەم کەمپەینە سەرتاسەرییەو ئەو نارەزایەتییە جەماوەرییەی کەشەپۆل دەدات لەسەرانسەری دنیادا، لەناو رەوەندی کوردییدا گەورەترین زیان بە رووخساری پارتیی دیموکراتی کوردستان و خودی بەڕێزیان دەگەیەنێ و ئەستەمە قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لە ئاستە نێودەوڵەتییەکاندا پێیان دەگات. هیوادارین کۆتایی ئەم کەیسە بە ئازادکردنی بێئەملاوئەولای د.کەمال سەیید قادر بێت . ئێمە چ لەسەر بەڵێنی نوێنەری حکومەتی هەرێم-ئیدارەی هەولێر لەشاری سیدنی ، چ وەک ئەرکێکی سیاسیی وبەشێوازی ململانێی دیپلۆماسیی، ئەم نامەیەتان ئاراستە دەکەین و هیوادارین ئێوەش لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتە گەورەیەدا بن کە کێشەی د.کەمال ، رەهەندی نێودەوڵەتیی وەرگرتووە و پانوپۆرتر و چرووپرتر دەبێتەوە. هاوکات خوازیارین وەڵامی ئەم داواکارییەی کۆمیتەی ئوسترالیای کەمپەینی ئازادیی بۆ  د.کەمال سەیید قادر بدەنەوە کە داواکاریی سەدان هەزار کەس لەرەوەندی کوردیی ولاتانی ئەوروپاو ئەمێریکای باکووریشە جگە لە سەرەتای شەپۆلێکی نارەزایی کە لەکوردستانەوە دەستی پێکردووە .

ناکرێ رەوەندی کوردیی چاوەڕێی مەرگی شێنەیی د.کەمال سەیید قادر بێت و بەڕێزیشتان هیچ هەنگاوێ نەنێن بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەم کێشە پڕ لەمەترسییە بۆ سەرتاپا دۆزی سیاسیی کورد و رێکۆردی مافی مرۆڤ لەکوردستاندا. ئێمە چاوەڕوانین لەسەرۆکی هەرێم لەچوارچێوەی دەسەڵاتەکانیدا بریاری دادگا هەڵبوەشێنێتەوەو د.کەمال، ئازاد بکات و بەئازادیی بگەڕێتەوە ولاتی نەمسا ئەم دۆسییەیە بەیەکجاریی دابخات .

**دکتۆر پشتیوان عەبدوڵا**
سەرپەرشتیاری کۆمیتەی ئوسترالیای کەمپەین بۆ ئازدیی د.کەمال سەیید قادر.
کۆتایی دیسەمبەری 2005
**سیدنی - ئوستراليا**